# شیعرو تەئویل
# خوێندنەوەیەك بۆ شیعری ئەدۆنیس*

محەمەد كوردۆ

شیعرو تەئویل كتێبێكی 138 لاپەڕەیی عەبدولعەزیز بومسهولییە، ساڵی 998 لە (ئەفریقیا الشرق) بڵاوكراوەتەوە.
تیایدا نووسەر خوێندنەوەیەكی هێرمۆنێتیكی بۆ شیعری ئەدۆنیس كردووە كە لەچەند بەشێك پێكهاتووە، جگە لەوە گفتوگۆیەكی ئەدۆنیسی لەخۆگرتووە كە نووسەری كتێبەكە لەگەڵیدا سازیداوە.
من لەم خوێندنەوەیەدا مەبەستمە زیاتر رووناكی بخەمە سەر گفتوگۆكە.

***

نووسەری كتێبی (شیعرو تەئویل) گرنگیی پرۆژەی ئەدۆنیسیی لەدوو خاڵدا كۆدەكاتەوە:
یەكەم: رزگاربوون لەدەسەڵاتی كلتوور، نەك كلتوور خۆی وەك بەرهەمهێنانێكی داهێنەر، هەروەها رزگاربوون لەو رەها میتافیزیكیەی كە لەنموونەیەكی ئامادەدا بەرجەستە بووەو یاسای عەموودیی شیعری (بۆموحاكاتو دووبارە بەرهەمهێنانەوە) سەپاندووە.
لەلایەكی دیكەوە ئەدۆنیس شیعرییەتێكی كراوەی لەفەزای ئازادییدا دروستكردووەو ئەزموونگەریی وەك كردەیەكی شیعریی پیادەكردووە كە رێگا بۆ دنیایەكی دینامیكی بەردەوام جوڵاو خۆشدەكاتو كۆتاییەكانی بێسنوورن.
دووەم: بەرهەمهێنانی شیعرییەتێك كە نەك تەنها دەمامكو هێماو ئاماژە بەرهەمدەهێنێت، بەڵكو دەسكەوتێكی دیكەی دەخاتە سەر كە ئەویش پیادەكردنی تەئویلە.
بێگومان دەشێت هەموو دەقێكی شیعریی تەئویل بكرێت، بە مانا ملكەچە بۆ تەئویل، بەڵام لای ئەدۆنیس خودی شیعر تەئیولكەرو تەئویلكراویشە.
ئەدۆنیس موغامەرەی خوێندنەوە (بەمانا سەرتاپاگیرییەكەی بۆ خودو شوێنو كلتورو مێژوو) دەستپێدەكات، تا لەوێوە بچێتە نێو رێگاكانی تێگەیشتنی قووڵی (بوون)ەوە.
ئەم تێگەیشتنە بەمانای داواكردنی یەقین نییە، وەك لای فەیلەسووفەكانی عەقڵ دەبینرێت بەڵكو هەموو یەقینێك دەكاتە بابەتی پرسیاری زمان، لەبەرئەوە تەئویل دەبێتە بناغەی پەیوەندی لەنێوان بوونەوەرو بووندا.
لەم كتێبەدا (شیعرو تەئویل) زیاتر قسە لەسەر دوو بەرهەمی سەرەكی لەپرۆژەی ئەدۆنیس كراوە كەئەوانیش ((ابجدیە پانیە و الكتاب)ن، چونكە تیایاندا گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا (بەو سیفەتەی كە زمانێكی دەلالەتكەرە لەسەر بوون) هێنراوەتەوە، تیایاندا شاعیر گوێ لەو شتانە دەگرێت كەوتراون، پاشان سەرلەنوێ تەئویلیان دەكات، خوێندنەوەی ئەدۆنیس بۆ مێژوو، خوێندنەوەیەكی ئەكادیمیی نییە بۆ كەلتوور، وەك لای (الجابری)و (تیزین)و (مروە)و (خنفی)و خەڵكی دیكە دەبینرێن.
ئەو پرسیارانەی ئەدۆنیس دەیانخاتە روو بەدوای هێڵی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو رووداوانەی مێژوودا ناگەڕێن كەعەقڵیەتی (یەقین/دەسەڵات) نووسیونیەوە، ئەو رووداوانەی كردەویان بۆ نموونەیەكی بێجووڵەو رووداویان بۆ وێنەیەكو یەك ناما گۆڕیووەو پاشان پیرۆزییان لەخۆگرتووە، بەوجۆرە زۆر رووداویان بێتەفسیر هێشتۆتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵكو هەندێكیان بەبیانووی ئەوەی دەستدانن لەپیرۆزیو شەرعیەتی سیاسییو ئاینیی بێدەنگییان لێكراوە، كاری سەرەكیی شاعیر دروستكردنەوەی ئەو گوتارە لەبیركراوانەیە كەكردەوەكانی سڕینەوە وێرانیان كردوونو چینە كەڵەكەبووەكانی لەبیرچوونەوەش دایانپۆشیوون.
لای ئەدۆنیس مێژوو لەخۆیدا گۆڕەپانێكی سەربەخۆ نییە، بەڵكو دەبێتە شتێكی قابیل بۆ بڕینی شیعریی.

***

لە گفتوگۆكەدا كە لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆ كرد ئەدۆنیس لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، ((ئایا شیعر لەكێشەدا نییە؟)) دەڵێت:
بەدڵنیاییەوە لەئاستی بڵاوبوونەوەو خوێندنەوەدا شیعر رووبەڕووی كێشە دەبێتەوە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەكی شیعریی نییە، بەڵكو ئەمە

کێشەی خوێنەرو خوێندنەوەیە، ئەمە کێشەیەکی رووناکبیری گشتییە، شیعر کێشەی نییە، چونکە خۆی یەکەمین کێشەیە، شیعر بناغەی یەکەمە کەتیایداو لەرێگای ئەوەوەو بەپشت بەستن بەو (بوون)و پەیوەندیمان بەبوونەوە دەبینین.

بەتایبەت کاتێك زانستەکان توانای پرسیارکردنیان نامێنێتو نازانن چی دەربارەی جیهانو کێشە خودییەکانی مرۆڤ بڵێن، شیعر دێتەگۆ.

شیعر (بەهەمان شێوەی خۆشەویستی) بەردەوام ئێستاتیکای بوونمان بۆ ئاشکرا ناکات، بەڵکو مەعریفیەتی ئەم بوونەمان بۆ ئاشکرا دەکات، لەبەرئەوە لەهەندێك بارودۆخدا شیعر لەسەر ئاستی رووکەشو بلاوبوونەوە زیانی بەردەکەوێت، بەلام بەردەوام لەسەر ئاستی قوڵاییو گشتگیریی قازانج دەکات..

لەم ئاستەدا ناشێت داهێنان بگاتە کۆتایی، چونکە مانای ئەوە کۆتایی مرۆڤ دەگەیەنێت، کە هەبوویت وەك مرۆڤ، بەمانایەك لەماناکان دەبێت داهێنەر بیت.

***

ئەدۆنیس دەربارەی دەقی کراوە، دەڵێت:

بەراستی من زیادکردنی وشەی کراوە بۆ سەر دەق بەپێویست نازانم، چونکە کاتێك دەڵێین (دەقێکی شیعریی) ئەوە بەزەروورەت دەقێکی کراوەو فرەیە.

دەق بەردەوام شەپۆلدارە، بۆئەوەی لێی نزیك بیتەوە ناچار دەبیت خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بکەیت.

***

بەبۆچوونی ئەدۆنیس پێویست دەکات چاو بەتێگەیشتنماندا بۆ (وێنە) بگێرینەوە؟ وێنە راچڵەکاندنێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو کانیەکی (وجودی، کیانی)یە، لەبەرئەوە ناشێت شیعرێکی مەزن بەبێ وێنە بوونی هەبێت، وێنە بناغەی هەموو شیعرێکی مەزنە.

***

بەبڕوای ئەدۆنیس ئەگەر گۆڕانکارییەکی بناغەیی لەئەزموونی شیعریی عەرەبییدا هەبێت، تەنها لەپەیدابوونی قەسیدەی پەخشانو دەرچوون لەکێشی خەلیلی کۆن بەرجەستە نابێت، بەڵکو یەکەمین گۆڕانکاری راستەقینە بۆ تێگەیشتنمان لەشیعر دەگەڕێتەوە، کەبێگومان ئێمە وەك پێشینی خۆمان بۆی ناڕوانین.

دووەم: گۆڕانکارییەکی دیکە ئەوەیە کەئێستا رێسا ئامادەکراوەکان بناغەنینو شاعیر لەوانەوە نایەت بۆ ئەوەی چی دەوێت بیڵێت، بەم مانایە پێوانەو رێسای پێشوەخت نەماوە، هەروەك چۆن شیعر نەماوە، بەڵکو شاعیرو خودێتی ئەزموون هەیە.

سێیەم: کاتێك دەڵێین شیعری ئەمڕۆی عەرەبی، لەوێوە نایڵێین کەبوونێکی هەیە لەسەر خودی خۆی وەستاوە، بەڵکو بەپشتبەستن بەئەزموونی شاعیرگەلێکی دیاریکراو ئەو دەستەواژەیە بەکاردەهێنین، لەو ئەزموونە لێکجیاو پێکەوە بووانەوە دەڵێین شاعیرگەلێك هەن، کەواتە شاعیرو ئەزموونو خودێتیی شاعیرەکە بناغەن، بەپێچەوانەی جارانەوە کەبنەماو رێساکان بناغەبوونو پاشان تەماشای شاعیر دەکرا تا چ پلەیەك لەگەڵیاندا گونجاوە، یان تا چ پلەیەك لەگەڵیاندا جیاوازە.

خاڵێکی گرنگی دی لەسەر ئاستی فۆرم ئەوەیە کە کۆی ئەزموونی شیعریی عەرەبی هێڵئامێزە، وەلێ شتێکی جیاواز بۆ نموونە لای (النفری)و (المصری) و نووسراوە سۆفیگەرییەکانو خودی (دەقی قورئانی)ش دەبینرێت، ئەمڕۆ لای هەندێك شاعیری عەرەب هێڵئامێزیی کۆتایی هاتووە، قەسیدە بووە بەعەموودیو تۆڕئامێز.

***

لە وەڵامی پرسیارێکی نووسەری ئەم کتێبەدا (شیعرو تەئویل) کەدەڵێت: ((شاعیری جیك سکاسیل پێیوایە: قەسیدە لەشوێنێکدا، بەشاراوەیی، بوونی هەیەو شاعیر شتێك ناکات جگە لەئاشکراکردنی نەبێت، ئاخۆ دروستکاری سەرەکی شاعیر ئاشکراکردن یان بنیاتنانو دروستکردنە؟)).

ئەدۆنیس دەڵێت:

ئەم قسانە ئەگەر لەسیاقی خۆیان دابڕێن مەبەست ناگەیەنن، پێموایە ئێمە هیچمان شتێك لە نەبوو داناهێنین، بەڵکو جیاوازییو داهێنان لەپێداگرتن لەسەر لایەنێك، بێ لایەنێکی دیکەو لەسیاقدایە.

کەسێك وەکو بابەت شتێکی تازەی نەنووسیوە، بەلام وەك چۆن سیاقەکەی لەبیردەکرێت ئەوەش لەبیردەکرێت کەنووسەر لەقوڵاییدا دەیڵێت، ئێمە لەسیاقو لەجیاوازیی ناکۆڵینەوە.

بۆرخیس دەڵێت: ((لەوێدا نووسەر نییە، بەڵكو یەك كتێب هەیە لەوەتەی هەین بەبەردەوام دەینووسینەوە..))

هەروەها تیۆری مردنی نووسەر هەیە، قورئان وەكو دەقێكی كتابیو نووسین (لەوێوە كە نووسینەوەی هەموو شتەكانی پێش خۆیەتی، لەسیاقێكی تازەدا) دەقێكە نووسەری تێدا نییە، هەروەها تەوراتیش كە تیایدا دەقگەلێك دەدۆزیتەوە سەرتاپا لە ئەفسانەی كۆنەوە وەرگیراوە،بەڵام گرنگ سیاقەكەیەتی نەك خودی بابەتەكە.

نموونەیەكی دی: سۆفیگەریی پێش ئەوەی 20 ساڵێك بەر لەئێستا من قسەی لەسەر بكەم، تەنها دەقگەلێكی دینی بوو، بەجۆرێك تەماشا دەكرا كە كۆمەڵێك دەقی دەروێشییەو پەیوەندی بەئەدەبەوە نییە، بەڵام دەقی سۆفیگەریی ئەمڕۆ بووە بەدەقێكی ئەدەبییو لەلایەنە ئایینییەكەی بەتاڵكراوەتەوەو چۆتە سیاقی زمانێكی شیعرییەوە، ئەمە جۆرێكە لەنووسینەوەو خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ بابەتێكی كۆن.

***

سەبارەت بەئاستی رۆمانو شیعری عەرەبی، ئەدۆنیس دەڵێت:

رۆمانی عەرەبی-تائێستا- بەنیسبەت شیعرەوە لەسەرەتاكانی یەكەمیدایەو بەهیچ جۆرێك پێكەوە ناپێورێن، چونكە دەسكەوتی شیعری عەرەبیی دەسكەوتێكی گەردونیی مەزنە، سنووری عەرەبایەتی تێپەڕاندووە، بەڵام پێموانییە دەسكەوتی رۆمانمان گەیشتبێتە ئەو ئاستە.

---

بڕینی شیعریی: الاختراق الشعری

هێڵئامێز: الخیگیە.

تۆڕئامێز: شبكی

٭ ئەم خوێندنەوەیە لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) دا بڵاوبۆتەوە.